# ئیمزا کۆکردنەوە و سەردانی لایەنە بەرپرسەکان لە رانیە
# لە پەیوەند بە داواکاریەکانی خەڵکی رانیەوە

لە دوای ئەوەی کە لە رۆژی 21-6-2005 خەلکی شاری رانیە لە بەرامبەر گەندەلی ئیداریو نەبوونی خزمەت گوزاریدا، مانیان گرتو خۆپیشان دانیان کرد بۆ بەردەمی قایمقامیەتی رانیە، وە لەویش لە لایەن نوینەرانی خەلکەکەوە داواو خواستەکانی خەلکی رانیە بەرز کرایەوە بۆ بەردەمی قایمقامو باقی بەرپرسانی رانیەو بەرپرسانی رانیەش لە سەر زاری قایمقامی رانیەوە بەلینی ئەوەیاندا بە خەلك کە لە ماوەی-1- مانگدا هەموو خواستو داواکانی خەلکی رانیەو پرۆژە خزمەت گوزاریەکان جێ بە جێ بکەن. بەلام تەنها دوای تیپەر بوونی 6 رۆژ بە سەر مانگرتن وخۆپیشان دانی خەلکی رانیە، لە لایەن بەریوەبەرایەتی پەروەردەی رانیەوە بریاریك دەردەچیت بۆ نەقل کردنی مامۆستا خلیل علی لە رانیەوە بۆ گەرمیانو رۆژی 11-7-2005 یش لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە ئیمزای جیبەجێ کردنی دەکریت، کە مامۆستا خلیل علی هەلسوراویکی دەستەی هاوکاری رانیەو مانگرتنی 21-6-2005 بووە.

دەرکردنی ئەم بریارە بووە جیگای نارەزایەتی خەلکی رانیەو بە ئیجرائات کردن بەرامبەر بە خەلك لیك درایەوە. هەر بۆیە هەلسوراوانی ناو خەلك لەو بارەیەوە لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا بریاریان دا کە بە شیوەیەکی جەماوەریانە رووبەرووی ئەو بریارە ببنەوەو لەم بارەیەوە دەستیان کرد بە حەملەیەکی ئیمزا کۆکردنەوە لە ناو خەلکداو بۆ ماوەی تەنها 4 رۆژ کە توانیان زیاتر لە 1500 ئیمزا کۆبکەنەوە لە پیناوی جێ بە جێ کردنی 2 داواکاری:

1- جیبەجێ کردنی داوا رەواکانی خەلکی رانیە کە لەرۆژی 21-6 خەلك مانگرتنو خۆپیشان دانی لە پیناو بەدی هینانیاندا کردووە.

2- هەلوەشاندنەوەی بریاری نەقل کردنی مامۆستا خلیل علی.

دوا بە دوای ئەمە لە رۆژی 21-7-2005، یاداشتیکی نوسراو گەیەنرایە بەردەمی سەرۆکی حکومەتی هەریم-سلیمانی لە گەل وینەیەك لە ئیمزاکانی خەلكو وینەیەك لەو سوپاسو تەقدیرانەی پیشتر بۆ مامۆستا خلیل نیردرابوون، کە لەو یادداشتەدا ویرای تەئکید لە رەوایی داواکانی خەلکی شاری رانیە داوا لە سەرۆکی حکومەتی هەریم –سلیمانی کرابوو کە داواکانی خەلك جیبەجێ بکەنو بریاری نەقلی مامۆستا خلیل هەلبوەشیننەوە .

لە هەمان کاتدا 2 لیژنەی تر پیك هینرا، کە یەکیکیان بۆ گەیاندنی ئیمزاکان بۆ بەردەمی بەریوەبەری پەروەردەی رانیەو ئەوەی دوەمیشیان بۆ لای قایمقامی رانیە بوو.

کە ئەو لیژنەیەی بۆ لای بەریوەبەری پەروەردەی رانیە چووە، ئیمزاکانی خەلکیان گەیاندوەتە دەستی بەریوەبەری پەروەردەی رانیەو داوای هەلوەشاندنەوەی بریاری نەقل کردنی مامۆستا خلیل علی کردووە.

وە لیژنەکەی لای قایمقامی رانیەش کە پیك هاتبوو لە ئازاد أحمد وەك نوینەری خەلك لە رۆژی 21-6و سەید خالید وەك هەلسوراویکی دەستەی هاوکاری رانیە ومانگرتنی 21-6 وغفور نادر وەك یەکیك لە گەنجە چالاك ودلسۆزەکانی رانیە.

بە پێی ئەو لیدوانەی کە ئازاد أحمد پێی داین لە سەردانەکەیاندا بۆ لای قایمقامی رانیە، لە سەر داوا رەواکانی خەلکی رانیە پێ داگریەکی زۆر کراوەو تەئکید لە سەر رەواییو بە پەلە جیبەجێ کردنی خواستو کەم وکوریەکان کراوە، لە هەمان کاتدا تەئکید لەوە کراوەتەوە کە مانگرتنو خۆپیشان دانی خەلکی شاری رانیە لە رۆژی 21-6-2005 بە شیوەیەکی شارستانیو مۆدیرنو هیمنانەو دوور لە ئاژاوەو پشیوی کراوەو باسی ئەوە کراوە کە خەلك نارازی بووە لە بەرامبەر نەبوونی خزمەت گوزاریو زۆریی گەندەلی ئیداریدا بۆیە هاتۆتە سەر جاددەو داوای مافەکانی خۆی کردووە.

هەروەها لە سەر ئەوە قسە کراوە کە مانگیك بە سەر 21-6 تیپەریوەو بەلینەکەی قایمقامی رانیە کە لە رۆژی 21-6-2005 بە خەلکی دابوو بۆ جیبەجێ کردنی هەموو داوا رەواکانی خەلکی شاری رانیەو پیك هینانی لیژنەیەکی جەماوەری لە خەلکی رانیە بۆ چاودیری بە سەر کارو پرۆژەکانی رانیەو ئاگادار بوون لە رەوتی جیبەجی بوونیان. لەو بارەیەوە داوای وەلام لە قایمقامی رانیە کراوە کە لە سەر ئەو مەسەلانە چیان کردووە بۆ جیبەجێ کردنی داواکانی خەلکی رانیەو لیژنە جەماوەریەکە.

کە وەلامی قایمقام ئەوە بووە کە دوای مانگرتنو خۆپیشان دانی خەلکی رانیەو بەلین دان بە خەلك بە جیبەجێ کردنی داواکانیان، چەندین کاریان ئەنجام داوە وەك قیرتاوی جاددەی داخل بوونی رانیەو پەلە کردن لە تەواو کردنی جاددەی رانیە_ سەیداواو چەندین پرۆژەی تر.

بەلام لە سەر مەسەلەی لیژنەی چاودیری خەلك ووتوویەتی کە ناتوانیت ئەو لیژنەیە پیك بهینیت چونکە لە صلاحیەتی ئەو دا نیە.

لە هەمان کاتدا لە سەر مەسەلەی نەقل کردنی مامۆستا خلیل علی لە لایەن وەفدی نوینەرایەتی خەلکەوە قسە کراو تەئکید لەوە کراوەتەوە کە ئەو بریارە ئیجرائاتە بەرامبەر بە هەموو خەلکی رانیەو لە هەمان کاتیشدا وینەیەك لەو ئیمزایانەی کە خەلکی رانیە دژ بەو بریارە کردبووی خرانە بەردەمی قایم قامی رانیەو بە ناوی خەلکەوە داوای هەلوەشاندنەوەی ئەو بریارەی لی کرا.